http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.43

# ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ

## ( توێژینەوەیەکی مەیدانییە )

سەرحەد محەمەد سەمین

زانکۆی گەرمیان – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

(Sarhad.mohammed@garmian.edu.krd)

## پوختەی توێژینەوە:

بابەتی هاووڵاتیبوون، لە ئێستادا بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی هەریەکە لە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسیی و ویاسا و ڕامیاری دادەنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە لە بواری پەروەردە و فێرکردن دا بایەخی زۆری پێدەدرێت، چونکە ئایندەی وڵات و پارێزگاریکردن لێی پەیوەستە بەوەی کە هەتا چەندێك ئەو خەڵکانەی کە ئەو وڵاتەدا دەژین خۆیان بە هاووڵاتی ئەو وڵاتە دەزانن.

ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ –توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی گەرمیان)، هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی داوە هەتا بزانێت هەر یەکە لە ژینگە و پرۆگرام و مامۆستایانی زانکۆ و ئەو چالاکییە هونەری و ڕۆشنبیری و وەرزشیانەی کە زانکۆ پێیان هەڵدەستێت، هەتا چەندێك بەشداری دەکەن لە پەرەپێدان و دروستکردنی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای خوێندکاران.

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٩٢) خوێندکار لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەم، کە بە بەشێوەی نموونەی هەڕەمەکی ڕێکخراو نموونەکان وەرگیراون، ئەو میتۆدەی کە لەم توێژینەوەیەدا کاری پێکراوە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری.

توێژینەوەکە لە کۆتایدا گەیشتۆتە کۆمەڵە ئەنجامێك، لەوانە زانکۆ هەتا ڕادەیەکی باش و سەرکەوتوو ژینگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکاران فەراهەم کردووە. هەروەها مامۆستایانی زانکۆ کاریگەرییانە ڕۆڵیان هەیە لە پەرەپێدان و زیادکردنی هەستی هاووڵاتیبوون لەلای خوێندکاران.

## پێشەکی

بابەتی هاووڵاتیبوون بە یەکێك لەو بابەتانە دادەنرێت کە زیاد لە کایەیەك لە کایەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجام دەدەن. کۆمەڵناسیش لە میانەی چەند لقێکیەوە، ئەم بابەتە بووەتە جێگای بایەخ بۆی. هاووڵاتیبوون بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاك و ئەو دەوڵەتەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام ئەم تاکەی تێدا دەژی یان هەست دەکات کە سەر بەو دەوڵەت و نیشتمانەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە کە دەوڵەتە دیموکراسیەکان دا بە شوێن ئەوەوەن کە هاووڵاتیەکی خاوەن ماف و پابەند بە گەل و نەتەوەکەیان پەروەردە بکەن، ئەم تاکە بتوانێت و بواری ئەوەی بخرێتە بەردەست هەتا لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وڵاتەکەیدا بەشداری بکات. ئەم جۆرە لە پەروەردەکردن پێی دەوترێت پەروەردەکردن لە پێناوی هاووڵاتیبوون دا، کە پەروەردەی هاوچەرخ بە گرنگیەوە کار لەسەر دروستکردن و بونیادنانی ئەم هاووڵاتییە دەکات. پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای

هاونیشتمانیان، جۆرێکە لە جۆرەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کە دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگا پێی هەڵدەستن.

زانکۆ دامەزراوەیەکی باڵایە، ئەرکەکەی بریتییە لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی کادیری پسپۆڕ و شارەزا بۆ هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگا، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان. لە خەیاڵدانی کۆمەڵگا ئەوە لە زانکۆ چاوەڕوان دەکرێت لە میانەی بەدیهێنانی ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرشانی بتوانێت تاکێکی بەرپرس و خاوەن ئینتیما و هەستی شانازیکردن بە نەتەوە و خاکەکەی خۆی بەرهەم بهێنێت. هەر لێرەشەوە زانکۆ دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە بەدیهێنان و دروستکردنی هاووڵاتییەکی بەرپرس.

ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ)، لە پێشەکیەك و پێنج بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندەکانی توێژینەوە کە لە (گرفت و ئامانج و گرنگی توێژینەوە و ناساندنی چەمکەکان) پێکهاتووە. بەشی دووەم تەرخان کراوە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەسەر ئەم بابەتە ئەنجام دراون. بەشی سێیەمیش بریتییە لە زانکۆ و هاولاتیبوون، لێرەدا باس لە بەهاکانی هاووڵاتیبوون و ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی ئەم بەهایانەدا کراوە. بەشی چوارەم چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە بریتییە لە کۆمەڵگا و نموونە و بوار و ئامرازی توێژینەوە و ئامرازە ئامارییەکان. بەشی پێنجەم بریتییە لە خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لە نموونەی توێژینەوەکەوە وەرگیراون. بەشی شەشەمیش بریتتیە لە ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە.

**بەشی یەکەم/ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە و ناساندنی چەمکەکان:**

**یەکەم: گرفتی توێژینەوە:**

جیهانی ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکاندا، پێشکەوتنی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. زۆربەی وڵاتان هەوڵ دەدەن بە شێوەیەکی تەندروست، تاکەکانیان ئامادە بکەن. ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی زانیاری و لێهاتوویی و ئاراستەی پێویست بۆ ئەوەی تاکەکانی شانبەشانی ئەم پێشکەوتنانە برۆن و یارمەتیان بدات لەسەر ڕووبەڕوونەوەی ئەم تەحەدی و هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی وڵاتەکانیان دەبێتەوە(١). بونیادنان و پێکهێنان و گەشەپێدانی تاك لە هەر کۆمەڵگایەکدا بێت، دەبێتە بناغە و بنەمایەکی پتەو بۆ تاکێکی سەرکەوتوو و خزمەتگوزار و خاوەن کەسێتی بەهێز، لە هەمان کاتیش دا تاکێکی بەرپرس و بەشدار لە گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی وڵاتدا. هەر لەبەر ئەوەشە کە دروستکردنی هاووڵاتی هۆشیار و هەست بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەخاك و نەتەوە، بە یەکێك لە ئامانجە باڵاکانی هەموو گەل و نەتەوەیەك دادەنرێت و پێویستە ئەو گەل و نەتەوەیە هەوڵی بەدیهێنانی بدەن. بەهای هاوڵاتیبوون، یەکێکە لە زۆرترین و گرنگترینی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە کۆمەڵگای کوردی لە ئێستادا پێویستی پێی هەیە. "ئەم بەهایانە لە کۆنەوە بۆ ئێستا و بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان، بابەتی گرنگی پێدانی زۆربەی فەیلەسوف و پەروەردیاران بووە. ئەمانە

(١) John Cogan & Derrictt Roy, Citizenship for 21st century –An international prospective of Education, Kogan page limited, London, 1998, pp.1-2

تێبینی ئەوەیان کردووە کە گەنجان لە باگراوندی ڕۆشنبیرییان دا لە سەر بەرپرسیارێتی هاووڵاتیبوون و نامۆبوونیان لە کۆمەڵگا و دامەزراوەکانیدا، کەم و کورتیان هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی بەرنامەکانی خوێندن گرنگیان بە فێرکردنی ماف و ئەرکەکان و بەرپرسیارێتی لە زانکۆ و کۆمەڵگادا نەداوە"(٢).

لە ناو هەموو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، زانکۆ لە دروستکردن و ڕەنگڕشتنی ئەم جۆرە لە کەسایەتیی دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت و لە هەمان کاتیش دا بەرپرسیارێتییەکی گەورەتریشی دەکەوێتە ئەستۆ. ڕۆڵی گەورەی زانکۆ و بەرپرسیارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زانکۆ باڵاترین دەزگای مەعریفیە لە کۆمەڵگادا و دواهەمین مەنزڵی قۆناغەکانی خوێندنی ئەکادیمیە و خاوەن بەرزترین بڕوانامەکان وانەی تێدا دەڵێنەوە.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە زانینی ڕۆڵی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ وەکو تاکێك کە لە دوا قۆناغەکانی خوێندندان. دەتوانرێت گرفتی توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

١. ئایا زانکۆ لە ئێستادا دەتوانێت هەستی پابەندبوون و ئینتیمای نەتەوایەتی لەلای خوێندکاران دروست بکات؟
٢. ئایا مامۆستایان و ئیدارەی زانکۆ کەش و هەوا و بارودۆخی گونجاویان ڕەخساندووە هەتا یارمەتی خوێندکارانی زانکۆ بدەن لە دروستکردنی تاکێك کە هەستی هاوڵاتیبوونی لەلا دروست ببێت؟
٣. ئایا ئەو پرۆگرام و بابەتانەی کە لە زانکۆدا دەخوێنرێن هەتا چەندێك ڕێگە خۆشکەرن بۆ دروستبوونی تاکێکی لەو چەشنە؟

لێرەشەوە لە میانەی پرسیارەکانی گرفتی توێژینەوەکەوە، ئامانجەکانی توێژینەوە دادەڕێژین.

## دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:

دەتوانین گرنگی توێژینەوەکەمان لەم لایەنانەی خوارەوە بۆ دەربکەوێت:

یەکەم/ گرنگی تیۆری:

١. ئەم توێژینەوەیە، دەستی بردووە بۆ بابەتێکی زیندووی نێو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستای کۆمەڵگای کوردی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تێگەیشتن لە هاوڵاتیبوون هەتا ڕادەیەکی زۆر بابەتێکی نوێیە لە کۆمەڵگای کوردیدا.
٢. ڕۆڵی دامەزراوەیەکی فێرکاری وەکو زانکۆی بۆ دەربکەوێت لەسەر پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون، چونکە زانکۆ بەتەنها مەعریفە نابەخشێت بەڵکو دەزگایەکی ئەکادیمی گرنگە بەشداری دەکات لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا.

(٢) یس عبدالرحمن قنديل و مندور عبدالسلام فتح الله، فاعلية استخدام بعض مداخل التربية القيمية لتقديم الموضوعات المرتبطة بقضايا العلم والتكنولوجيا و المجتمع في تنمية التحصيل الدراسي و قيم المواطنة لدى تلاميذ الصف الاول الاعدادي، المؤتمر العلمي الخامس "التربية العلمية للمواطنة" المجلد الاول –كلية التربية-جامعة عين شمس، اغسطس ٢٠٠١، ص٢١٣.

٣. ئەم توێژینەوەیە لە پاڵ توێژینەوەکانی دوای ئەمە دەبنە سەرچاوەیەك بۆ هەرکەسێکی تر ئەگەر بیەوێت لەم بارەیەوە توێژینەوە ئەنجام بدات.

دووەم/ گرنگی پراکتیکی:

١.ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنێت یارمەتی بەڕێوەبەرانی زانکۆ دەدات هەتا گرنگی بەو لایەنانە بدەن کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندکاران.

٢. ئەم توێژینەوەیە ببێتە سەرەتایەك هەتا توێژەرانی تر لەسەر دەزگاکانی تری پەروەردە و فێرکردن (قوتابخانە و خوێندنگاکان) توێژینەوە ئەنجام بدەن.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١. ئامانجی یەکەم: زانینی ڕۆڵی ژینگەی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ.
٢. ئامانجی دووەم: زانینی ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ.
٣. ئامانجی سێیەم: ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ.
٤. ئامانجی چوارەم: ڕۆڵی چالاکییەکانی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ.

## چوارەم/ ناساندنی چەمکەکان

**١. ڕۆڵ (الدور – Role):**

زاراوەی ڕۆڵ لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆجیادا، بەمانای جیاواز بەکاردەهێنرێت[٣]. لە کۆمەڵناسیدا، ڕۆڵ لە چەمکە بنەڕەتییەکان دادەنرێت.

کاسی ستۆڵی (Kathy S.Stolly) بڕوای وایە کە (هەردوو چەمکی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵ پێکەوە بەستراون و تەواوکەری یەکترین، ڕۆڵ بریتییە لە هەڵس و کەوتێك کە لە کەسێکەوە چاوەڕوان دەکرێت لە پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت)(٤). (بدوی) لە پێناسەکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (Social role)دا دەڵێت: (ڕۆڵ ڕەفتاری چاوەڕوانکراوە لە تاکی ناو کۆمەڵ و بریتییە لەلایەنی دینامیکی پێگەی تاك، لە کاتێکدا پێگە ئاماژەیە بۆ جێگاو پلەو پایەی تاك لە کۆمەڵدا، ڕۆڵیش ئاماژەیە بۆ نموونەی ئەو ڕەفتارەی کە پێگە داوای دەکات)(٥).

پێناسەی ڕێکاری بۆ ڕۆڵ: ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا، بریتییە لەو ڕەفتارو چالاکیانەی کە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی وەك زانکۆ لە پرۆسەی پێکهێنان و دروستکردنی هەستی هاوڵاتیبوون لەلای خوێندکارانی زانکۆ دروستی دەکات و، خوێندکار دەکاتە هاوڵاتییەکی هۆشیار و بەرپرس و خاوەن ئینتیما بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەکەی.

**٢. زانکۆ (الجامعة):**

---

[٣] محمد عاطف غيث ، قاموس علم الاجتماع ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة، ١٩٧٩، ص ٣٩٠.
(٤) Kathy S.Stolly, The Basics of Sociology, Greenwood Press, London, 2005, p45.
[٥] احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية ( انكليزي ، فرنسي ، عربي، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧، ص ٣٩٥.

دەزگایەكی زانستی-ئەكادیمییە، لە چوارچێوەی سیستەم و واقیعێكی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا كارو ئەركی مەعریفی خۆی جێبەجێ دەكات، لەم ڕووەوە زانكۆ بەشێكە لەو سیستەمەی كە كۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، واتە توخمێكی سەرخانی كۆمەڵگەیە، بۆیە بە یاسا و ڕێسا و كولتوری ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتییەوە پابەندە( ٦ ). یەكێكی تر لەو پێناسانەی كە بۆ زانكۆ كراوە، ڕای وایە كە ( زانكۆ دەزگایەكی ئەكادیمییە، ئەركی بەرهەمهێنانی زانست، تەكنۆلۆجیا و مەعریفەیە، لێكۆڵینەوە دەكات لەسەر سەرجەم بوارەكانی ژیان و كاردەكات بۆ بەخشینی بڕوانامەی ئەكادیمی و پیشەیی جۆراوجۆر، بەمەبەستی دروستكردنی تاكی پسپۆڕ و لێهاتوو بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاكانی وڵات( ٧ ).

پێناسەی ڕێكاری زانكۆ لەم توێژینەوەیەدا، زانكۆ بریتییە لە دەزگایەكی زانستی-ئەكادیمی لە پاڵ بەخشینی بڕوانامە بە خوێندكارانی زانكۆ بە پێی یاسا و ڕێسای دیاریكراو لە بوارە جیاوازەكاندا، ئەو بەرپرسیارێتییەشی دەكەوێتە ئەستۆ كە خوێندكاران بكاتە تاكێكی بەرپرسیار و هەستی هاوڵاتیبوونیان تێدا بچێنێت.

**٣. پەرەپێدان (التنمية):**

بەڕای أبوزيد پەرەپێدان پرۆسەیەكە – یان چەند پرۆسەیەكە –پلانی ووردی بۆ داڕێژراوە بە ئامانجی گۆڕانی كۆمەڵایەتی پۆزەتیڤ لە ناو كۆمەڵ دا[٨]. بەڵام عبدالهادی پێی وایە كە پەرەپێدان، ئاماژەیە بەو هەوڵدانەی كە مرۆڤ بەهزرو كردار بارودۆخی خۆی بگۆڕێت بۆ ئامانجێك یان زیاتری مەبەستدار، گەشەپێدان لەسەر ئیرادەی مرۆڤ و پلاندانان وەستاوە و كۆمەڵگە لەهەردوو لایەنی ماددی و مەعنەویەوە بۆ ژیانێكی باشتر دەگوێزێتەوە[٩].

پێناسەی ڕێكاری پەرەپێدان: پەرەپێدان بریتییە لە گەشەی خوێندكارانی زانكۆ لە ڕووی مەعریفی و كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆ ئەوەی خوێندكار خۆی بە یەكێك لە ئەندامانی نەتەوەی كورد بزانێت و هەستی كوردبوونی تێدا گەشەبكات. گەشە پێدانیش چەند جۆرێكە وەك گەشە پێدانی ( مرۆیی ، كۆمەڵایەتی ، ئابووری ، سیاسی ).

**٤. بەهای هاوڵاتیبوون:**

بەها : بریتییە لەو بنەما و بیروباوەڕە ئاكارییە قبوڵكراوانەی كە تاك و كۆمەڵ لەسەری ڕێككەوتوون[١٠].

بەها كۆی ئەو بابەت و هەل و مەرج و پرەنسیپ و بیروباوەڕانە دەگرێتەوە كە لە ڕێگەی ئەزموونی دوور و درێژی مرۆڤەوە مانا وەردەگرن، هەر شتێكیش باش بێت پەسەند دەكرێت و هەر شتێكیش خراپ بێت ڕەتدەكرێتەوە، وەك ئازایەتی و

---

[٦] ڕەشاد میران، چەند بابەتێكی ئیتنۆ-كۆمەڵایەتی ب١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠،ل٤٥.

( ٧ ) خالید عومەر، زانكۆ لەنێوان ناو و ناوەڕۆكدا( خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانكۆكان و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان )، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢١

[٨] جواد أبوزيد ، قراءة في مفهوم التنمية، متاح على www.nibraschabab.com بتأريخ ٢٠١٧/٣/١٠

( ٩ ) نبيل عبدالهادي ، علم اجتماع التربية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ٢٠٠٢، ص ١٤٥

[4].J.M.Sinclair, Collins English Dictionary, Third Edition, (Birmingham: Harper Collins Publishers, 1991), P.1694.

خۆنەویستی و هاوسەنگی و خۆشەویستی و ئازادی و داد پەروەری[11]. زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر دیاریکردن و جێبەجێکردنی هاوڕان و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیان دا ڕەنگ دەداتەوە.

**هاولاتیبوون (المواطنة-Citizenship):**

هاولاتیبوون( پابەندبوونی دوولایەنەیە لە نێوان تاکەکان و دەوڵەت دا، تاك هەندێك لە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی لە ئە نجامی ئینتیما بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسیی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت، لە هەمان کاتدا هەندێك ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ کە پێویستە جێبەجێیان بکات[12]. لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی دا چەمکی هاولاتیبوون (لەڕووی کۆمەلایەتییەوە، پێگە یان پەیوەندییەکی کۆمەلایەتییە کە لە نێوان تاکێکی سروشتی و کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا (دەوڵەت) دروست دەبێت. لە ڕێی ئەم پەیوەندییەوە لایەنی یەکەم وەلائی خۆی پێشکەش دەکات و لایەنی دووەمیش پارێزگاری لایەنی یەکەم دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەم پەیوەندییە لە نێوان تاك و دەوڵەتدا لە ڕێگەی یاساوە دیاری دەکرێت)[13].

کەواتە هاولاتیبوون بریتییە لە ئەندامێتی تاکە لە دەوڵەتەکەیدا، ئەم ئەندامێتییە دەستەبەری مافەکانی دەکات کە پێویستە لەسەر دەوڵەت بۆی جێبەجێ بکات و لەبەرامبەریشدا تاك کۆمەڵە ئەرکێکی بەرامبەر بە دەوڵەتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ کە پێویستە بۆ سوودی گشتی ئە نجامیان بدات.

**بەهای هاولاتیبوون:** کۆمەڵە پێوەرێکی تایبەتە بە پێکهێنان و ئامادەکردنی هاوولاتی چاك کە بڕوای بە دیموکراسی و ڕێزگرتنی بیروڕای کەسانی تر و پابەند بێت بە ئینتیما بۆ ولات و پارێزگاری لێ کردنی[14]. هەروەها دەتوانین بڵێین کە بەهای هاوولاتیبون ،ئامادەباشی تاکە بۆ بەشداریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگەدا، ئەویش بەوەرگرتنی بڕیاری ژیرانە و بەشداری کردارییانە لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا، هەروەها توانای تاکە لەسەر گونجان و ژیانکردن لەگەڵ شارستانی سەردەمەکەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەکەیدا[15].

**پێناسەی ڕێکاری بەهای هاوولاتیبوون:** بریتییە لە بەهاکانی (ئینتیما، ماف و ئەرکەکان) بەشداریکردنی سیاسی، ئازادی و دیموکراسیەت کە زانکۆ لە پەرەپێدان و چەسپەندنیان دا لای خوێندکاران هەوڵیان بۆ دەدات.

**٥. خوێندکاری زانکۆ:**

ئەو کەسانەن کە لە قۆناغێکی خوێندنی دیاریکراو دەخوێنن و پەیڕەوی پرۆگرامەکانی خوێندنی بالا دەکەن لەو بوارانەی بۆخۆیان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی نمرەکانی قۆناغی (١٢)ی وێژەیی و زانستی هەڵیان بژاردووە و چاوەڕێی

---

(١١) محەمەد ابن مەحمود، دەروونزانی کۆمەلایەتی، و: ئارام ئەمین شوانی، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٤،ل١٨٩

(١٢) محمد عاطف غيث، مصدر سابق، ص٥٦.

(١٣) نفس مصدر، ص٥٦

(١٤) فاروق حمدي الفرا و احسان خليل اغا، القيم المتضمنة في كتب التربية الوطنية الفلسطينية في الصفوف الستة الاولى من التعليم)، مجلة مستقبل التربية العربية، المجلد الثاني، العدد الثامن، ١٩٩٦، ص٢٥.

(١٥) يس عبدالرحمن قنديل و مندور عبدالسلام فتح الله، مصدر سابق، ص٢١٢.

ئەوەیان لێدەكرێت كە ڕۆڵێكی باش بگێڕن بۆ بەرەو پێشبردن و چارەسەركردنی كێشە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگە لەدواڕۆژدا( ١٦ ).

پێناسەی ڕێكاری بۆ خوێندكاری زانكۆ: خوێندكاری زانكۆ ئەو كەسەیە كە خوێندنی ئامادەیی بەسەركەوتوویی بڕیوە و بۆ بەدەستهێنانی پلەیەكی زانستی بە گوێرەی یاسا و ڕێساكانی زانكۆ ناوی تۆمار كراوە لە كۆلێژ و بەشێكی دیاریكراو.

## بەشی دووەم/ توێژینەوەكانی پێشووتر:

### یەكەم: خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشووتر:

لەسەر هەر توێژەرێك پێویستە كە توێژینەوە لە هەر بوارێكدا ئەنجام دەدات، ئەوا ئاگاداری ئەو توێژینەوانە بێت كە لە پێش ئەودا ئەنجام دراون. ئەمەش بۆ ئەوەیە كە ئامانجی توێژینەوەكان و گرنگترین ئەو ئەنجامانەی كە ئەو توێژینەوانە پێی گەیشتوون چین. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا ( ٦ ) توێژینەوەمان وەرگرتووە، وەكو لە خوارەوە ئاماژەیان بۆ كراوە:

أ. توێژینەوە عەرەبییەكان:

١. توێژینەوەی القطب ( ٢٠٠٦ ) [١٧] بەناونیشانی (الجامعة وتعميق قيم الأنتماء في ضوء معطيات القرن الحادي و العشرين): ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتی بووە لە زانینی ڕۆڵی زانكۆ و میكانیزمەكانی لەسەر قووڵكردنەوەی بەهای ئینتیما لەلای خوێندكارەكانی. توێژەر میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهێناوە، توێژینەوەكە گەیشتوەتە ئەوەی كە زانكۆ میسرییەكان لەمڕۆدا بە پلەیەكی لاواز بۆ ناوەند بەشداری دەكات لە قوڵكردنەوەی بەهای ئینتیما لەلای خوێندكاران، هۆكاری ئەمە، ئەوەی كە پەیوەندی بە زانكۆوە هەبووە بریتییە لە توانای زانكۆ لەسەر گەشەكردن و بەردەوامێتی و سروشتی پرۆگرامەكانی، ئەوەشی كە پەیوەندی بە خوێندكارەوە هەبێت بریتییە لە هەستكردنی بە نامۆبوون و نوشوستی.

٢. توێژینەوەی (أبو حشيش ٢٠١١ ) [١٨] بەناونیشانی (دور كليات التربية في تنمية قيم المواطنة لدى الطلبة المعلمين بمحافظات غزة): توێژینەوەیەكی ئەنجامداوە بە ئامانجی زانینی ڕۆڵی كۆلێژەكانی پەروەردە لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندكارە مامۆستاكان لە پارێزگاكانی غەززە.توێژەر لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیكاری بەكارهێناوە. توێژەر لە كۆتایی توێژینەوەكەیدا گەیشتۆتە كۆمەڵ ئەنجامێك لەوانە: كۆلێژەكانی پەروەردە بەڕێژەی لاواز بۆ ناوەند بەشداری دەكەن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندكاران. هەروەها توێژینەوەكە ئاماژەی

---

(١٦) میران محەمەد ساڵەح، پاڵنەرە كۆمەڵایەتییەكانی خوێندن لای فێرخوازی زانكۆ، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە(١٠)، ٢٠١٦، ل ل ١٨٠-١٨١

(١٧) سمير عبدالحميد القطب، الجامعة وتعميق قيم الأنتماء في ضوء معطيات القرن الحادي و العشرين، مجلة كلية التربية- جامعة المنصورة –العدد (٦٠)، يناير ٢٠٠٦.

(١٨)بسام محمد أبو حشيش، دور كليات التربية في تنمية قيم المواطنة لدى الطلبة المعلمين بمحافظات غزة، مجلة جامعة الاقصى (سلسلة العلوم الانسانية) المجلد الرابع عشر، العدد الاول، يناير، ٢٠١١.

بە جیاوازی ئاماژەی ئاماری داوە بە گوێرەی کۆلێژەکان لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لە بەرژەوەندی خوێندکارانی زانکۆی ئەقسا بەرامبەر بە زانکۆی ئیسلامی.

٣. توێژینەوەی العوامرة و الزبون(٢٠١٢)[١٩] بەناونیشانی(دور الجامعات الأردنية الرسمية في تعزيز تربية المواطنة علاقتها بتنمية الاستقلالية الذاتية لدى طلبة كليات العلوم التربوية من وجهة نظرهم): ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ناسینی ڕۆڵی زانکۆ فەرمییەکانی ئەردەن لە بەهێزکردنی پەروەردەی هاوڵاتیبوون و پەیوەندی بە پەرەپێدانی سەربەخۆی خودی لەلای خوێندکارانی کۆلێژەکانی زانستە پەروەردەییەکان. توێژەران گەیشتوونەتە چەند ئەنجامێك لەوانە: ڕۆڵی زانکۆکانی ئەردەن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لە ڕەهەندەکانی (مافەکان، ئەرکەکان و و بەشداریکردن و ڕێزگرتن لە یاسا و دادپەروەری)، بەم شێوەیەی لای خوارەوە هاتووە: دادپەروەری بەرزترین پلەی وەرگرتووە بە ناوەندی ژمێرەیی (٤.١٧)، پاشان ئەرکەکان کە ناوەندی ژمێرەکەی (٤.٠٦)، ڕێزگرتن لە یاسا بەناوەندی ژمێرەیی (٤.٠١)، مافەکان (٣.٨٤)، لە کۆتایی هەمووشیاندا بواری بەشداریکردن بە ناوەندی ژمێرەیی (٣.٧٢) دێت. ناوەندی ژمێرەیی بۆ هەموو بڕگەکانی پێوەری ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی سەربەخۆیی خودی بەرزبووە و بریتی بووە لە (٤.١٨)، پەیوەندیی ئەرێنی هەبووە لە نێوان پەروەردەیهاووڵاتی و پەرەپێدانی سەربەخۆیی خوێندکاراندا.

ب. توێژینەوە بیانییەکان:

٤. توێژینەوەی(Mandel 2003)[٢٠]: توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە بەناونیشانی (کاریگەری چالاکی و بەرنامەکانی زانکۆ دەوڵەتییەکان لە مەکسیك لەسەر چالاککردنی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندکار). ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بووە لە ناسینی ڕۆڵی ئەو چالاکی و بەرنامانەی کە زانکۆ پێشکەشیان دەکات بۆ چالاککردنی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندکاران. پێوەرەکەی بەسەر خوێندکارانی زانکۆ لە مەکسیك و کەنەدا جێبەجێ کردووە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتی بووە لەوەی کە ڕێگای فێربوون و هاندان لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتی و ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێك لەگەڵیدا و فێرکردنیان لە ناوە و دەرەوەی زانکۆدا، ئەمانە یارمەتی بەهێزکردنی بەهای هاوڵاتیبوونی داوە لەلای خوێندکاران.

---

(١٩) عبدالسلام العوامرة و محمد الزبون، دور الجامعات الأردنية الرسمية في تعزيز تربية المواطنة و علاقتها بتنمية الاستقلالية الذاتية لدى طلبة كليات العلوم التربوية من وجهة نظرهم، مجلة جامعة النجاح للأبحاث(العلوم الانسانية)، مجلد ٢٨(١)، ٢٠١٤.

٢٠) Mandel Karsten, Examining the Impact of University International Programs on Active Citizenship, the case of students praxical participation in the Mexico Canada Rural development Exchange, University of Toronto Canada, 2003.

٥. **توێژینەوەی ( Kerr 2003 )[٢١] : بەناونیشانی ( بۆچوونی خوێندكاران لە تەمەنی ١٤ ساڵی لە ٢٨ دەوڵەتدا لەسەر هاوڵاتیبوون )، توێژینەوەكە ئاماژەی بەو ڕاستییە داوە كە فێركردنی پەروەردەی نیشتمانی ( هاوڵاتیبوون ) پرۆسەیەكی ئاڵۆزە و ڕەهەندی زۆری خوێندكاران لە ناو و دەرەوەی خوێندنگا هەڵدەگرێت. هەروەها توێژینەوەكە ئەوەی خستۆتەڕوو كە زۆرێك لە خوێندكارەكان زانیارییان لەسەر ناوەڕۆكی دیموكراسیەت هەیە بەڵام زانیارییان لەسەر چۆنیتی پراكتیزەكردنی دیموكراسیەتدا هەبووە و كورتیان كردۆتەوە بۆ تەنها دەنگدان لە هەڵبژاردنەكاندا. توێژینەوەكە ئەوەی پیشانداوە كە ئەو خوێندكارانەی كە زانیارییان لەسەر هاونیشتمانێتی هەبووە ئەوانە توانایان زیاترە لەسەر بەشداریكردن لە چالاكییە سیاسی و كاری خۆبەخشی.**

٦. **توێژینەوەی ( Walker Joyce 2005 )[٢٢] هەستاوە بە توێژینەوەیەك بە ئامانجی زانینی ( شێوەی هاوڵاتیبوون لە نێوان گەنجان و ئەو ڕۆڵەی كە مامۆستایان لە زانكۆ و پەیمانگاكاندا پێی هەڵدەستن ) بۆ ئەوەی گەنجان بەهای هاوڵاتیبوونی لێوە فێربن. توێژینەوەكە گەیشتۆتە كۆمەڵە ئەنجامێك لەوانە: مامۆستایان ڕۆڵێكی گرنگ دەگێڕن لە پاڵپشتی كردنی بەدەستهێنانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندكارانی زانكۆ، هەروەها جەختی لەوە كردۆتەوە كە پرۆگرامەكانی خوێندن و چالاكییە خوێندكارییەكان لە زانكۆدا پەیوەندی و كاریگەریی ئەرێنی لەسەر یارمەتیدانی خوێندكاران هەیە لەسەر بڕیاروەرگرتن و دەركردنی ڕاست دەربارەی پێویستییەكان و گرفتەكانیان و بەشداریكردن لە چارەسەركردنی و پاڵپشتی لە هاوڵاتیبوون لەلایان.**

**دووەم/ گفتوگۆی توێژینەوەكانی پێشووتر:**

**لەم توێژینەوەیەدا ( ٦ ) توێژینەوە خراونەتەڕوو، كە ( ٣ )توێژینەوەی عەرەبی و ( ٤ ) توێژینەوەی بیانی. توێژینەوە عەرەبییەكان لە وڵاتانی ( میسر و ئوردون و فەلەستین ) ئەنجامدراون. ئەوەی كە لە توێژینەوە عەرەبییەكاندا تێبینی دەكرێت، بەتایبەتی لە هەردوو توێژینەوەی ( القطب و أبو حشیش )، ئەوەیە كە زانكۆكان نەیانتوانیوە ڕۆڵێكی گەورە و بەرچاو بگێڕن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لەلای خوێندكارەكانیان. بەڵام لە توێژینەوەكەی هەردوو توێژەر ( العوامره و الزبون ) زانكۆ لە وڵاتی ئەردەن توانیویتی لە بەشێكی پێكهێنەرەكانی هاوڵاتیبوون دا سەركەوتوو بێت، بەڵام لە بەشەكانی تردا بەتایبەتی لە بەشداریكردن دا سەركەوتوو نەبووە. بەڵام توێژینەوە بیانییەكان كە لە ساڵانی ( ٢٠٠٠- ٢٠٠٥ ) ئەنجامدراون، جەخت لەوە دەكەنەوە كە زانكۆ توانیویتی ڕۆڵی ئەرێنی بگێرێت لەسەر پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون. ئەم ڕۆڵەی زانكۆ چی وەكو مامۆستایان یان پرۆگرامەكانی خوێندن و ڕەخساندنی هەلی لەبار بۆ خوێندكارەكانیان هەتا بەشداری بكەن لەسەر گۆڕینەوەی بیروڕا لە گەڵ مامۆستاكانیان.**

(٢١) David Kerr and others, Citizenship an Education Age 14: Summary of the international finding and preliminary results for England, 2003

(٢٢) Walker Joyce, shaping Ethics Youth workers matter, new direction for youth development, Journal Articles Reports descriptive American, 2005.

## بەشی سێیەم/ زانکۆ و هاوڵاتیبوون:

### یەکەم/ بەهاکانی هاووڵاتیبوون:

**هاووڵاتیبوون کۆمەڵە بەهایەکی هەیە، لەوانە:**

١. **مافەکان:** بریتییە لە هەموو ئەو جیاوکانەی کە پێویستە دەوڵەت بۆ هاوڵاتییەکانی دابین بکات، هاوڵاتییانیش توانای پیادەکردنی ئەو مافانەیان هەبێت. زۆربەی دەستوورەکان لە دیاریکردنی مافەکانی هاوڵاتیاندا دەگەڕێنەوە بۆ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ، گرنگترینیشیان بریتییە لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە. مافەکان لەم چوار بوارە سەرەکییەی خوارەوەدا دیاریکراون، کە بریتین لە( مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی و کولتورییەکان ) [٢٣]. لە ڕاستیدا هەر دەوڵەتێك بتوانێت ئەم مافانە بۆ هاوڵاتییەکانی دەستەبەر بکات، ئەوا ئەو دەوڵەتە بە دەوڵەتی هاوڵاتیبوون دێتە ئەژمار کردن. بەبێ بوونی ئەم مافە بنەڕەتییانە دەوڵەت ناتوانێت ببێتە دەوڵەتی هەموو هاوڵاتییان و داوای ئەرکیان لێ بکات، کەواتە دابینکردنی ئەم مافە لەلایەن دەوڵەتەوە بە پێوەرێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت لەوەی کە دەوڵەت داوا لە هاوڵاتییەکانی بکات ئەرکەکانی سەرشانیان ڕا پەڕێنن و ئینتیمان بۆی هەبێت.

٢. **ئەرکەکان:** دەوڵەتەکان لەسەر دیاریکردن و جۆری ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە سەرشانی هاوڵاتیانیان جیاوازن، ئەم جیاوازیانەش دەگەڕێتە بۆ جۆری ڕژێمی سیاسی لەو دەوڵەتەدا. هەندێك دەوڵەت پێیان وایە بەشداری سیاسی لە هەڵبژردنەکان دا، ئەرکێکی نیشتمانییە و هەندێك دەوڵەتی تر ئەمە وەها نابینێت. گرنگترینی ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانی هاووڵاتیانە بریتیین لە( ڕێزگرتنی سیستەم، خیانەت نەکردن لە وڵات، پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکان و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا، پارێزگاری کردن لە موڵکی گشتی، پارێزگاریکردن لە وڵات کاتێك ڕووبەڕووی مەترسی دوژمنان دەبێتەوە، دڵسۆزی لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی سەر شانیدا ). ئەم ئەرکانە پێویستە هاوڵاتیان پێوەی پابەند بن و جێبەجێی بکەن [٢٤].

٣. **ئازادی:** دەکرێت بوترێت هاوڵاتیبوون ئاماژەیە بۆ یەکێتی جەستەیەکی کۆمەڵایەتی کە پێکهاتووە لە یەکگرتوویەکی ئازادانە و دوور لە هەر پاشکۆیەتییەکی تاك، هاوڵاتیبوون، واتا مرۆڤێك بە ئازادانە ئەندامی دەوڵەتێکی ئازاد بێت، بە ئازادانە بەشداری لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و دامەزراوەکانی بکات. ئازادی تاك پەیوەندی پتەوی بە چەمکی هاوڵاتییەوە هەیە، چونکە ئەگەر تاك ئازاد نەبێت، ئەوا هەست بە بەها و نرخی تاکانەیی خۆی ناکات [٢٥].

---

( ٢٣ ) الامم المتحدة، اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي اسيا، النوع الاجتماعي والمواطنة دور المنظمات غير الحكومية في دول خليجية مختارة، الامم المتحدة، النيويورك، ٢٠٠٣، ص ص ٥-٦.

( ٢٤ ) فهد ابراهيم الحبيب، الاتجاهات المعاصرة في تربية المواطنة، الرياض، مكتبة العبيكان، ٢٠٠٠، ص٧٥.

( ٢٥ ) زیرەك عەبدوڵلا، ڕەوشی هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە( ٢٢ )، ٢٠٠٧، ل ل ٧١-٧٢.

٤. ئینتیما: ئەگەر سەرنجی زاراوەی هاولاتیبوون بدەین، دەبینین كە زاراوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەمیان پێكهاتووە لە (هاو) كە واتای (دانیشتوو)، بەشی دووەمیشیان (ولات)، هەردوو بەشەكە بەسەر یەكەوە واتای (دانیشتووی ولاتێكی دیاریكراو) دەگەیەنێت. كەواتە یەكێك لە ڕەگەزە سەرەكییەكانی هاولاتیبوون بریتییە لەوەی كە تاك دانیشتووی ولاتێك بێت و لەگەڵ هاولاتیانی تری ئەو ولاتەدا بەهۆی كۆمەڵە تایبە تمەندییەكەوە یەك بگرن، ئەم بەیەكبوونەش لە گەڵ هاولاتیانی تری ئەو ولاتەدا پێویستی بە ئینتیما هەیە بۆ ئەو نیشتیمانە و ئەو خەڵكانەی كە دانیشتووی ئەو نیشتیمانەن. "ئینتیما ڕەگەزێكی سەرەكییە لە ڕەگەزە پێكهێنەرەكانی هاولاتیبوون. هەستێكی ناوەكییە كەوا لەهاوولاتی دەكات بە گوڕ و تین و دڵسۆزییەوە كار بكات بۆ پێشخستنی ولاتەكەی و بەرگری لێكردنی"[٢٦]. هەستی ئینتیما لەلای تاك لە ئەنجامی پەیوەستبوونی بە كۆمەڵەیەك یان كیانێكی گەورە پەیدا دەبێت، كاتێك كە تاك ئەندامی ئەو كۆمەڵەیە بێت و پێوەر و بەها كۆمەلایەتییەكانی لەوانە وەرگرتبێت. ئینتیما هەستێكی ناوەكییە لەلای تاك، ئەم هەستە لە پێویستییەكی دەروونی و كۆمەلایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، پەیوەستبوونی تاك بە زمانی كۆمەڵگا و كولتوور و دامەزراوە هەمەجۆرەكانی، بەو پێیەی كە تاك بەشێكە لەم كۆمەڵگایە و لەسەری پێویستە بە بڕواوە پابەند بێت بەنۆرم و یاساكانی لەگەڵیشیدا ئامادەیی فیداكاری و بەرگریكردنی تێدابێت لە پێناوی سەركەوتنی و بەشداریكردن لە چارەسەركردنی كێشەكانیدا[٢٧]. لێرەوە دەتوانین بڵێین كە هاولاتیبوون و ئینتیما دوانەیەكی بەناویەكداچوو تەواوكەری یەكترینز لەهەر شوێنێك باسی هاونیشتمانیبوون كرا، ئەوا ئینتیماش زۆر بە بەهێزی بوونی هەیە.

٥. بەشداری سیاسی: وینەر( Weiner ) بڕوای وایە كە بەشداری سیاسی بریتییە لە"هەموو كارێكی بەئیرادە و ئازادانە سەركەوتوو بێت یان سەرنەكەوتوو، ڕێكخراو بێت یان ناڕێكخراو، لە قۆناغێكدا ڕوو بدات یان بەردەوام بێت، پێویست بكات بە پەنابردنەبەر میكانیزمی شەرعی یان ناڕەوا، بە ئامانجی دانان و جێهێشتنی كاریگەری لەسەر چۆنێتی و خودی بڕیارە سیاسییەكان، یان بەڕێوەبردنی ولات یان هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنی دەسەلاتداران لە هەموو ئاستە حكومەتییەكاندا، دەبێتە بەشداری سیاسی "[٢٨].

بێرلسۆن( Berelson ) چەند تایبە تمەندییەكی بۆ بەشداری سیاسی داناوە، لەوانە:

أ. "گرنگی پێدان، گفتوگۆ، پاڵنەر"، بۆ ئەوەی هاوولاتی بەشدار بێت، پێویستە گرنگی بە كاروباری گشتی سیاسەت بدات و بەشداری بكات لەو گفتوگۆیانەی كە دەربارەی سیاسەت ئەنجام دەدرێن، هەروەها هاندەر و پاڵنەری هەبێت بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بكات.

---

(٢٦) یاسین عومەر، هاولاتیبون و قەیرانی ئینتیما، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە(٢٧)، زستانی ٢٠١١، ل٤٧.

(٢٧) بشير صلاح الرشيدي واخرون، الموسوعة العلمية للتربية، مؤسسة الكويت للتقدم العلمي، الكويت، ٢٠٠٤، ص٧٠

(٢٨) سويم العزي، المفاهيم السياسية المعاصرة و دول العالم الثالث، المركز الثقافي العربي، ١٩٩٤، ص١٥٧.

ب. "مەعریفە" پێویستە لەسەرهاووڵاتی مەعریفە و زانیاری لەسەر بابەتە سیاسییەكان هەبێت، بەشداریكردنی لەسەر بناغەی ئەم مەعریفە بێت و هەڵقوڵاوی بڕوای ئەو بێت بە هێڵێكی سیاسی، یان ئۆپۆزیسیۆن بۆ هێڵێكی سیاسی.

ج. "بیروباوەڕ" بەشداری سیاسی بەتەنها بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی كەسی نییە، بەڵكو هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی بەرژەوەندی گشتییە.

د. "پێگەیشتن-كامڵبوون-الرشد"، بەواتای ئەوەیهاووڵاتی پێگەیشتووە و ژیرە و دەزانێت چۆن هەڵسوكەوت بكات[٢٩].

بەشداری سیاسی پەیوەندی بە پێگەیاندنی سیاسییەوە هەیە، پێگەیاندنی سیاسی پرۆسەیەكە بۆ ڕێكخستن و ئامادەكردنی هاووڵاتی هەتا بتوانێت بەشداری لە ژیانی سیاسی كۆمەڵگادا بكات. هەرچەندێك بەشداری سیاسی هاوڵاتیان زیاتر بێت، ئەوەندە مەیلی توندوتیژی و تێكدانی ناسەقامگیری سیاسی لای ئەو هاوڵاتیانە كەمتر دەبێتەوە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت كە پەیوەندی نێوان بەشداری سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی پەیوەندییەكی پێچەوانەیە[٣٠].

## دووەم/ ڕۆڵی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون:

مەبەست لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لە زانكۆدا، پەروەردەكردنی تاكێكە كە ئینتیمای بۆ كۆمەڵگا و بەهاكان و كولتووری كۆمەڵگاكەی هەبێت، لە هەمان كاتدا تاكێكی بەرپرس بێت بەرامبەر بە وڵاتەكەی و دەستكەوتەكانی. پەروەردەكردنی تاك بۆ ئەوەی ببێتە هاوڵاتییەكی بەرپرس و خاوەن ماف، بەرهەمی هەوڵ و كۆششی دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانە بە شێوەیەكی گشتی و بە تایبەتی دامەزراوە فەرمییەكانی فێركردنە. ئەم دامەزراوە فەرمیانە لە قۆناغی بنەڕەتییەوە دەگرێتەوە هەتا دەگاتە زانكۆ و پەیمانگاكان.

لەگەڵ دروستكردنی دامودەزگاكان و گەشەكردنی ژیانی ژیاری لە هەر ناوچەیەكدا، زانكۆ دەبێتە پێویستیی (زەرورەتی) كۆمەڵگا و نیشتیمان. پێگەیاندن و گەشەكردنە تاكی پسپۆڕ، بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاكانی هەموو نیشتیمانێك، ئەركی زانكۆیە. نەوە یەك لەدوای یەكەكان، لە هەناوی زانكۆوە پسپۆڕی وەردەگرن و توانای گونجاو وەردەگرن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببنە هێزی كار[٣١]. هەروەها دروستبوونی كێشە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگا وەك كێشەی زانستی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسی...هتد لە هەندێك ڕووەوە چاركردنیان دەچێتە ئەستۆی زانكۆكان[٣٢]. دیارە زانكۆكان لە ڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستییەوە دەتوانێت ڕۆڵێكی كارا بگێڕێت لە دەستنیشانكردنی كێشەكان و پێشكەشكردنی ڕێگاكانی چارەسەركردنی ئەو كێشانە. لە پاڵ ئەم ئەركە گەورەیەدا كە زانكۆ خەڵكانی پسپۆڕ پێدەگەیەنێت و بەشدارییەكی كارا دەكات لە دەستنیشان كردنی گرفتەكانی كۆمەڵگادا، دەتوانێت هاوڵاتییەكی بەرپرسیشمان بۆ بەرهەم بهێنێت. ڕۆڵی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای خوێندكاران، دەتوانرێت لەم لایەنانەی خوارەوە باسی بخرێتە بەرباس:

---

(٢٩) ابراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ١٩٩٨، ص٢٤٢.

(٣٠) كمال المنوفي، نظريات النظم السياسية، وكالة المطبوعات، الكويت، دون سنة الطبع، ص١٤٧.

(٣١) خالید عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

١. **ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆدا:** ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە لە زانکۆدا دەخوێنرێن، ژێرخانی مەعریفی خوێندکاران پێکدەهێنن. هەر لەسەر بناغەی ئەو بابەتانە چالاکیيە فێرکارییەکان ڕوو دەدەن و دەرگای گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە لە نێوان خوێندکاران خۆیاندا، یان لە گەڵ مامۆستایاندا دەخاتە سەرپشت. بۆ ئەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەشداری بکات لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوو، پێویستە ڕەچاوی کۆمەڵە مەرجێك بکات، لەوانە:

- پشت بەستن بە فێربوونی هاریکاریانە، کە لە میانەی ئەمەوە کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بەهاکان.
- پێویستە بابەتەکان پەیوەست بێت بە ژیانی خوێندکاران و گرفتەکانی کۆمەڵگا و ژینگەوە.
- گەشە بە بەهاکانی خوێندکاران بدات.
- ئامانجی ئامادەکردنی خوێندکار بێت بۆ پاشەڕۆژ لەڕووی زانستی و پیشەیی و ڕۆشنبیرییەوە[٣٣].

٢. **ڕۆڵی چالاکیەکانی خوێندکاران:** ڕۆڵی پەروەردە کورت ناکرێتەوە تەنها بۆ ئەو وانانەی کە لە ناو هۆڵەکانی خوێندندا دەخوێنرێن، بەڵکو لە پاڵ ئەو وانانەی کە لە هۆڵەکاندا دەوترێنەوە، ئەو چالاکیانەی کە لەناو زانکۆ یان دەرەوەی زانکۆدا خوێندکاران ئەنجامی دەدەن ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەسەر پەرەپێدانی تواکانیان، کە لەوانەیە نەتوانن لە ناو هۆڵەکانی خوێندندا ئەو توانا و ئارەزوانەی کە هەیانە پەرەی پێبدەن. بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە پەیوەستە بە پەرەپێدانی بەهای سەربەستی و هاریکاری و کاری هاوبەشیەوە[٣٤].

٣. **ڕۆڵی مامۆستای زانکۆیی:** مامۆستا لە زانکۆدا، ڕۆڵی گرنگ و بنچینەیی هەیە لە پرۆسەی فێرکردن دا، چونکە ئەو ڕابەرایەتی پرۆسەی فێرکردن دەکات و ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێندکارەکاندا مامەڵە دەکات، لێرەشەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەریان هەیە لە ڕووی زانستی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەوە. مامۆستای زانکۆ لە بواری پسپۆڕییەکەیدا، بازنەی پەیوەندییە لە نێوان زانیارییەکان و لێهاتووییەکان و بیروبۆچوون و بەهاکاندا. بە شێواز و ڕێگای جۆراوجۆر تیۆر و وانەکان ڕووندەکاتەوە و شرۆڤەیان بۆ دەکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی کە خوێندکاران لە وانەکان تێبگەن و ئەوەی کە فێری بوون پراکتیزەی بکەن[٣٥]. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە مامۆستا دەتوانێت ڕۆحی یەکتر قبوڵ کردن و ڕێزگرتن لە دیدوبۆچوونی جیاواز لەلای خوێندکارەکانی پەرەپێبدات.

## بەشی چوارەم/ چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە:

(٣٣) أحمد علي كنعان، دور التربية في مواجهة العولمة وتحديات القرن الحادي والعشرين وتعزيز الهوية الحضارية و الانتماء للأمة، ندوة (العولمة وأولويات التربية) كلية التربية، جامعة الملك سعود، ٢٠٠٤، ص١٣٨.

(٣٤) السيد سلامة الخميسي، تربية التسامح الفكري"صيغة تربوية لمواجهة التطرف"، مجلة التربية المعاصرة، العدد(٢٦)، ١٩٩٣، ص٩٨.

(٣٥) خالد عبداللطيف محمد عمران، تقويم أداء معلمي الدراسات الاجتماعية بالحلقة الاعدادية في ضوء معايير الشاملة، المؤتمر الآول للجمعية المصرية للدراسات الاجتماعية-تربية المواطنة ومناهج الدراسات الاجتماعية، كلية التربية-جامعة عين شمس، ٢٠٠٨،ص٥٤٧.

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکار هێنراوە، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پشکنینێکی گشتگیری بوارێك لە بوارەکانی کۆمەڵگا، یاخود هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی کۆمەڵگایە بە ئامانجی بەدەستهێنانی جۆرێك زانیاری کە بکرێت لە پرۆسەی گەشە پێدانی کۆمەڵایەتیدا سوودی لێوەربگیرێت(٣٦).

**دووەم: کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە:**

١. **کۆمەڵگای توێژینەوە:** کۆمەڵگای توێژینەوە، لەم توێژینەوەیە بریتییە لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان کە بەشەکانی (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، پەروەردەی وەرزش و بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان) لەخۆ دەگرێت و پێکهاتووە لە (٩٢٤) خوێندکار. خشتەی (١) کۆمەڵگای توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی (١) ژمارەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ ڕووندەکاتەوە*:**

| ز. | بەش | قۆناغی یەکەم | | | قۆناغی دووەم | | | قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | | کۆی گشتی | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ |
| ١ | زمانی کوردی | ١٠ | ٣٦ | ٤٦ | ٢٥ | ٤٢ | ٦٧ | ١٥ | ٢٢ | ٣٧ | ٢٠ | ٣٢ | ٥٢ | ٧٠ | ١٣٢ | ٢٠٢ |
| ٢ | زمانی عەرەبی | ١٩ | ٤٧ | ٦٦ | ٢٢ | ٤١ | ٦٣ | ٧ | ٣٣ | ٤٠ | ١٨ | ٤١ | ٥٩ | ٦٦ | ١٦٢ | ٢٢٧ |
| ٣ | پەروەردەی وەرزش | ٥٤ | ١٨ | ٧٢ | ٤٠ | ١٧ | ٥٧ | ٤٥ | ٢٢ | ٦٧ | . | . | . | ١٣٩ | ٥٧ | ١٩٦ |
| ٤ | ز. کۆمەڵایەتیەکان | ١٤ | ١٠ | ٢٤ | ٤٦ | ٥٤ | ١٠٠ | ٢٢ | ٢٩ | ٥١ | ٣٤ | ٢١ | ٥٥ | ١١٦ | ١١٤ | ٢٣٠ |
| کۆ | | ٩٧ | ١١١ | ٢٠٨ | ١٣٣ | ١٥٤ | ٢٨٧ | ٨٩ | ١٠٦ | ١٩٥ | ٧٢ | ٩٤ | ١٦٦ | ٣٩١ | ٤٦٥ | ٨٥٦ |

٢. **نموونەی توێژینەوە:** نموونەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم لە بەشەکانی (زمانی کوردی و عەرەبی و پەروەردەی وەرزش و زانستە کۆمەڵایەتییەکان)لە ی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت وەرگیراون، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە خوێندکارانی ئەو دوو قۆناغانە ساڵانێکی زیاترە لە ناو زانکۆدان و باشتر دەزانن پرۆگرامەکانی خوێندن چی پەیوەندیەکیان بە هاووڵاتیبوونەوە هەیە. جۆری نموونەکەش بەشێوەی نموونەی چینایەتی(العینة الطبقیة أو العینة التدریجیة) وەرگیراون و ژمارەیان (٩٢) خوێندکارە. زانیاری زیاتر لەم خشتەیەی خوارەودا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (٢) نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە:**

(٣٦) محمد مصطفى الشعبيني، علم الاجتماع، دار النهظة العربية، القاهرة، ١٩٧٤، ص٤٣

* کۆی ئەو زانیارانە لەسەر ژمارەی خوێندکاران بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٦/٢٠١٧ لە یەکەی تۆماری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی گەرمیان وەرگیراوە.

| ز. | بەشی زانستی | قۆناغی سێیەم | | | قۆناغی چوارەم | | | کۆی گشتی | | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | |
| ١ | زمانی کوردی | ٣ | ٦ | ٩ | ٥ | ٦ | ١١ | ٨ | ١٢ | ٢٠ | ٢١.٧٣٪ |
| ٢ | زمانی عەرەبی | ٤ | ٨ | ١٢ | ٨ | ٥ | ١٣ | ١٢ | ١٣ | ٢٥ | ٢٧.١٧٪ |
| ٣ | پەروەردەی وەرزش | ٨ | ١١ | ١٩ | . | . | . | ٨ | ١١ | ١٩ | ٢٠.٦٥٪ |
| ٤ | ز. کۆمەڵایەتییەکان | ٩ | ٨ | ١٦ | ٥ | ٦ | ١١ | ١٣ | ١٤ | ٢٧ | ٢٩.٣٥٪ |
| | کۆ | ٢٤ | ٣٣ | ٥٧ | ١٨ | ١٧ | ٣٥ | ٤٢ | ٥٠ | ٩٢ | ١٠٠٪ |

## سێیەم/ بوارەکانی توێژینەوە:

**سنووری بوارەکانی توێژینەوەکە خۆی لە سێ بواردا دەبینێتەوە، بریتین لە:**

١. **بواری جوگرافی: سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆی گەرمیان- کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت.**

٢. **بواری مرۆیی: لایەنی مرۆیی ئەم توێژینەوەیە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان دەگرێتەوە.**

٣. **بواری ماوە: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە کە بریتییە لە ٢٠١٧/١/٢-٢٠١٧/٤/١٠.**

## چوارەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پێکهاتووە لە فۆرمی ڕاپرسی (پرسیارنامە)، ئەم پرسیارنامەیەش پێکهاتبوو لە چەند پرسیارێک کە ئاراستەی چەند کەسێکی شارەزا لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پەروەردەدا کراونەتەوە، ئەو بەڕێزانەش تێبینی خۆیان لەسەر نوسیوەتەوە. لە ئەنجامدا ڕاستگۆیی ئامرازەکە بریتی بوو لە (٨٨.٧٨٪)* (بڕوانە پاشکۆی ١). بەڵام بۆ دەرهێنانی جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە نموونەیەکی (١٠) کەسمان لە خوێندکاران وەرگرت لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، فۆرمی ڕاپرسیەکەمان بەسەردا دابەش کردن، پاشان دوای (١٤) ڕۆژ دووبارە فۆرمەکەمان بەسەر هەمان (١٠) خوێندکاردا دابەشکردەوە، دوای ڕێکخستنی زانیارییەکان جێگیری ئامرازەکە بریتی بوو لە (٩٢٪)(بڕوانە پاشکۆی ٢).**

## پێنجەم/ ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان:

---

* پسپۆڕەکان بریتیبوون لە:

١. د. حسين اسماعيل علي پرۆفیسۆری یاریدەدەر پسپۆڕی کۆمەڵناسی زانکۆی گەرمیان
٢. د. پگاه علي مردان مامۆستا دەروونناسی زانکۆی گەرمیان
٣. م. كريم أحمد عزيز مامۆستا ڕێگاکانی وانەوتنەوە زانکۆی گەرمیان
٤. م.ی كريم مدحت حاتم مامۆستای یاریدەدەر دەروونناسی زانکۆی گەرمیان
٥. م.ی سيروان عاصي حسين مامۆستای یاریدەدەر کۆمەڵناسی وەزارەتی پەروەردە

**توێژەر بۆ خستنەروو و شیكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كە لە نموونەی توێژینەوەكەوە دەستی كەوتوون ، پەنای بردۆتەبەر بەكارهێنانی چەند ئامرازێكی ئاماری، ئەو ئامرازە ئامارییانە بریتین لە :**

**( ١ ) ناوەندی شیاوی**[٣٧] = ( ت١×٣ ) + ( ت٢×٢ )+ ( ت٣×١ ) / كۆی ت

**( ٢ ) كێشی سەدی**[٣٨] = ناوەندی شیاو / بەرزترین كێش × ١٠٠

( ٣ )

**( ٤ ) هاوكێشەی سپێرمان**[٣٩] : رس= ١- ٦ كۆی ف٢ / ن ( ن٢ – ١ )

## بەشی پێنجەم : خستنەڕوو و شیكردنەوەی زانیارییەكانی توێژینەوەكە :

**لەم بەشەدا هەوڵدراوە زانیارییەكانی توێژینەوەكە بە گوێرەی ئامانجەكانی توێژینەوەكە بخرێنەڕوو و لێكدانەوەیان بۆ بكرێت.**

**ئامانجی یەكەم : بۆ زانینی ڕۆڵی ژینگەی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكاران زانكۆ، لە خشتەی ( ٣ ) زانیاری دەربارەی ئەم ئامانجە خراوەتەڕوو.**

**خشتەی ( ٣ ) ناوەندی شیاوی و كێشی سەدی بواری ڕۆڵی ژینگەی زانكۆ**

| ژ. پ | بڕگەكان | دووبارە بووەكان ٣ | ٢ | ١ | پلە | ناوەندی شیاوی | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لە ناو زانكۆدا ڕێگە بە كارلێك و بەستنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی گونجاو دەدرێت. | ٤٠ | ٤٩ | ٣ | ١ | ٢.٤٠ | ٪٨٠.٠٧ |
| ٩ | زانكۆ لە ڕێكخستن و بەستنی كۆڕ و چالاكی هەمەجۆردا، ئازادی بە خوێندكاران دەدات. | ٥٠ | ٢٦ | ١٦ | ٢ | ٢.٣٦ | ٪٧٨.٩٨ |
| ٤ | ژینگەی زانكۆ یارمەتیدەرە بۆ دروستكردنی گیانی هاوكاری و هاوڕێیەتی لە نێوان مامۆستایان و خوێندكاراندا. | ٣٣ | ٥١ | ٨ | ٣ | ٢.٢٧ | ٪٧٥.٧٢ |
| ٣ | ژینگەی زانكۆ گیانی هاوكاری لە نێوان خوێندكاراندا پەرە پێدەدات. | ٢٤ | ٥٠ | ١٨ | ٤ | ٢.٠٦ | ٪٦٨.٨٤ |
| ٥ | ژینگەی زانكۆ بوار بۆ خوێندكار دەڕەخسێنێت هەتا بە ئازادی گوزارشت لە بیروڕاكانی بكات. | ٢٧ | ٤٣ | ٢٢ | ٥ | ٢.٠٥ | ٪٦٨.٤٧ |
| ٧ | لە پرۆسەی بڕیاردانەكاندا خوێندكار بەشداری پێدەكرێت | ٢٤ | ٤٣ | ٢٥ | ٦ | ١.٩٨ | ٪٦٦.٣٠ |

[٣٧] عزام عبدالرحمن صبري، الأحصاء الوصفي و نظام SPSS، دار للكتاب العالمي، عمان-الاردن، ٢٠٠٦، ص١٠٦.

[٣٨] عبدالواحد الكبيسي، القياس و التقويم( تجديدات و مناقشات )، دارجرير، عمان-الاردن، ٢٠٠٧، ص٢٣٢

[٣٩] عبدالله فلاح المنيزل و عايش موسى غرايبه ( ٢٠٠٦ ) . الأحصاء التربوى تطبيقات بأستخدام الرزم الأحصائية للعلوم الأجتماعية، دار المسيرة للنشر و التوزيع ، عمان-الاردن، ٢٠٠٦، ص١٤٦.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ژینگەی زانكۆ هەستی شانازیكردن بە كۆلێژ و زانكۆ لەلای خوێندكار دروست دەكات. | ٢٦ | ٣٧ | ٢٩ | ٧ | ١.٩٦ | ٪٦٥.٥٧ |
| ٨ | لە كاتی جێبەجێكردنی یاسا و ڕێنماییەكاندا لە زانكۆ ڕەچاوی بنەماكانی داد پەروەری دەكرێت. | ١٧ | ٥١ | ٢٤ | ٨ | ١.٩٢ | ٪٦٤ |
| ٦ | لە ناو زانكۆدا گیانی گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن و بیروڕای جیاواز زاڵە. | ١٦ | ٤٠ | ٣٦ | ٩ | ١.٧٨ | ٪٥٩.٤٢ |
| ١٠ | گەشتی زانستی بۆ خوێندكاران فەراهەم كراوە هەتا خوێندكاران بە مێژوو و جوگرافیا و كەلتوری كۆمەڵگاكەیان زیاتر ئاشنا بن. | ١٤ | ١٨ | ٦٠ | ١٠ | ١.٥٠ | ٪٥٠ |

**لەم ئاما نجەدا هەوڵدراوە بیروبۆچونی خوێندكاران دەربارەی كەشی ناو زانكۆ بزانرێت، كەهەتا چەندێك ژینگەی زانكۆ گو نجاوە بۆ كارلێكی نێوان خوێندكاران و دروستكردنی گیانی هاوڕێیەتی و هاوكاری. ئەگەر سەیری خشتەی (٣) بكەین ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كە لە كۆی (١٠) بڕگەی بواری ژینگەی زانكۆ و ڕۆڵی لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبووندا، زانكۆ تەنها لە (٥) بڕگەدا سەركەوتوو بووە و ڕەزامەندی خوێندكارانی تێدا بەدەستهاتووە. ئەوانیش بڕگەكانی( ١، ٩، ٤، ٣،٥ )) دەگرێتەوە، كە ناوەندی شیاوییان بریتییە لە(٢.٤٠، ٢.٣٦، ٢.٢٧، ٢.٠٦، ٢.٠٥ ). كێشی سەددیان بریتییە لە (٪٨٠.٠٧، ٪٧٨.٩٨، ٪٧٥.٧٢، ٪٦٨.٨٤، ٪٦٨.٤٧ ). بەگوێرەی ئەو بڕگانەی كە بەدەستهاتوون، زانكۆ توانیویەتی كارلێك و پەیوەندی كۆمەڵایەتی، لە ڕێكخستن و بەستنی كۆڕ و چالاكی هەمەجۆردا، ئازادی بە خوێندكاران بدات، گیانی هاوكاری و هاوڕێیەتی لە نێوان خۆیان و مامۆستایان و خوێندكاراندا پەرە پێدەدات، هەروەها بوار بۆ خوێندكار بڕەخسێنێت هەتا بە ئازادی گوزارشت لە بیروبۆچوونەكانیان بكەن.هەریەكە لەوانەش بە ئەركی بنەڕەتی دادەنرێن كە زانكۆ لە پەروەردەكردنی خوێندكاران دا ئە نجامی بدات. بەڵام بڕگەكانی تر بە نەرێنی وەڵام دراونەتەوە.**

**ئاما نجی دووەم: بۆ زانینی ڕۆڵی پرۆگرامەكانی خوێندنە لەسەر پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون لای خوێندكاران، كە لە خشتەی (٤) دا زانیارییەكان خراونەتە ڕوو.**

**خشتەی (٤) ڕۆڵی پرۆگرامەكانی خوێندن لە زانكۆ لەسەر بەهای هاووڵاتیبوون ڕوون دەكاتەوە:**

| ژ. پرسیار | بڕگەكان | دووبارە بووەكان ٣ | ٢ | ١ | پلە | ناوەندی شیاوی | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | توانای خوێندكار بە ئەرك و مافەكانی ئاشنا دەكات. | ٣٤ | ٤٩ | ٩ | ١ | ٢.٢٧ | ٪٧٥.٧٢ |
| ٢٠ | گیانی هاوكاری لە نێوان خوێندكاران پەرەپێدەدات. | ٣٠ | ٤٩ | ١٣ | ٢ | ٢.١٨ | ٪٧٢.٨٢ |
| ١٦ | خوێندكار ڕادەهێنێت لەسەر گیانی دیموكراسی و قبوڵكردنی بیروڕای جیاواز. | ٣٥ | ٣٧ | ٢٠ | ٣ | ٢.١٦ | ٪٧٢.١٠ |
| ١٨ | توانای ڕەخنەی ئیجابیانە لەلای خوێندكار پەرەپێدەدات. | ٢٨ | ٤٢ | ٢٢ | ٤ | ٢.٠٦ | ٪٦٨.٨٤ |
| ١٣ | بەهای ئازادی بیركردنەوە بۆ گرفتەكانی كۆمەڵگا بەهێز دەكات. | ٢٥ | ٤٣ | ٢٤ | ٥ | ٢.٠١ | ٪٦٧.٠٢ |
| ١٩ | بەهاكانی وەكو (ئینتیما- دیموكراسی- مافی مرۆڤ) لەخۆدەگرێت. | ٢٤ | ٤٣ | ٢٥ | ٦ | ١.٩٨ | ٪٦٦ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | توانای گوزارشتکردن لە بیروڕا و کەلتوری دیالۆگی ئیجابی لای خوێندکار پەرەپێدەدات. | ٢٠ | ٥٠ | ٢٢ | ٧ | ١.٩٧ | ٪٦٥.٩٤ |
| ١١ | گیانی گرنگی دان بە ناسنامەی نیشتمانی لەلای خوێندکار دروست دەکات. | ١٦ | ٤٥ | ٣٠ | ٨ | ١.٨٢ | ٪٦٠.٦٦ |
| ١٧ | هەستی شانازی کردن بە نیشتمانەوە لەلا ی خوێندکار بەهێزتر دەکات. | ١٤ | ٤٣ | ٣٥ | ٩ | ١.٧٧ | ٪٥٩.٠٥ |
| ١٢ | بەشداری دەکات لە پەرەپێدانی توانای داهێنانەی خوێندکار. | ١٦ | ٣٨ | ٣٨ | ١٠ | ١.٧٦ | ٪٥٨.٦٩ |

کاتێك سەیری خشتەی (٤) دەکەین، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە کۆی (١٠) برگە کە بۆ ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە زانکۆ لەسەر پەرەپێدانی بەهای هاولاَتیبوون تەرخانکراوە، (٥) برگەیان جێبەجێبوون، ئەوانیش بریتین لە برگەکانی (١٥، ٢٠، ١٦، ١٨، ١٢). ناوەندی شیاوی ئەم برگانە بریتین لە (٢.٢٧، ٢.١٨، ٢.١٦، ٢.٠٦، ٢.٠١)، بە کێشی سەدی (٪٧٥.٧٢، ٪٧٢.٨٢، ٪٧٢.١٠، ٪٦٨.٨٤، ٪٦٧.٠٢). زانکۆ توانیویەتی لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە خوێندکاران بە ماف و ئەرکەکانیان و گیانی هاوکاری و قبولکردنی بیروڕای جیاواز و توانای ڕەخنەی ئەرێنیانە و بیرکردنەوە لە گرفتەکانی کۆمەلگا لەلای خوێندکاران پەرەپێ بدات. بەلاَم بۆ برگەکانی ترکە جێبەجێ نەبوون، پرۆگرامەکانی زانکۆ نەیتوانیووە لە ئاستی ڕەزامەندی خوێندکاراندا بێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەو پسپۆڕیەتییەی کە لە بەشە جیاوازەکاندا دەخوێنرێت و پرۆگرامەکانی هەر بەشێك تایبەتە بە پسپۆڕییەکی دیاریکراو.

**ئامانجی سێیەم: بریتییە لە زانینی ڕۆڵی مامۆستایانی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاولاَتیبوون.لە خشتەی (٥) زانیاری دەربارەی ئەم ئامانجە خراوەتە ڕوو.**

**خشتەی (٥) ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ ڕوون دەکاتەوە**

| ژ. پرسیار | برگەکان | دووبارە بووەکان | | | پلە | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ٣ | ٢ | ١ | | | |
| ٢١ | ڕێز لە خوێندکاران و بیروڕایان دەگرێت. | ٤٥ | ٤١ | ٦ | ١ | ٢.٤٢ | ٪٨٠.٧٩ |
| ٢٣ | هانی خوێندکاران دەدات لەسەر گیانی هاوکاری لە نێوان خۆیاندا. | ٤٧ | ٣٤ | ١١ | ٢ | ٢.٣٩ | ٪٧٩.٧١ |
| ٢٦ | بوار بەخوێندکاران دەدات گفتوگۆ لەسەر ئەو زانیارییانە بکەن کە بابەتی وانەکانی خوێندنن. | ٤٢ | ٣٩ | ١١ | ٣ | ٢.٣٣ | ٪٧٧.٨٩ |
| ٢٨ | لە نمرەدانانندا بێلایەنی خۆی دەپارێزێت. | ٣٨ | ٤١ | ١٣ | ٤ | ٢.٢٧ | ٪٧٥.٧٢ |
| ٢٤ | بەنەرمی و گیانی لێبووردەیەوە مامەلە لەگەلّ خوێندکاراندا دەکات. | ٣١ | ٥٤ | ٧ | ٥ | ٢.٢٦ | ٪٧٥.٣٦ |
| ٢٢ | ڕێگای وانە وتنەوەی گونجاو بەکاردەهێنێت. | ٣٦ | ٤٣ | ١٣ | ٦ | ٢.٢٥ | ٪٧٥ |
| ٢٥ | مامۆستا بەهای لێبووردەیی لە نێوان خوێندکاران دا پەرە پێدەدات. | ٣٤ | ٤٦ | ١٢ | ٧ | ٢.٢٣ | ٪٧٤.٦٣ |
| ٢٩ | مامۆستا لە ڕووی زانستییەوە لە توانایدایە زانیارییەکان بگەیەنێتە خوێندکاران. | ٢٩ | ٥٥ | ٨ | ٨ | ٢.٢٢ | ٪٧٤.٢٧ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | لە وانەکاندا خوێندکاران بەرەو بیرکردنەوە هاندەدات نەوەك لەبەبەرکردنی وانەکان. | ٣٩ | ٣٠ | ٢٣ | ٩ | ٢.١٧ | ٧٢.٤٦٪ |

بە سەیرکردنی خشتەی ( ٥ )، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خوێندکاران، لەسەرجەمی ئەو بڕگانەی کە تەرخان کراون بۆ زانینی ڕۆڵی مامۆستا لە سەر پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون، ڕازی بوون و تەواوی بڕگەکان جێبەجێبوون. بەرزترین بڕگەیان بریتییە لەوەی کە مامۆستا ڕێز لە خوێندکاران و بیروباوەڕیان دەگرێت کە ناوەندی شیاویەکەی بریتییە لە (٢.٤٢) بە کێشی سەدی (٨٠.٧٩٪) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی مامۆستای زانکۆ. نزمترین ئاستیش ناوەندی شیاویەکەی بریتییە لە (٢.١٧) بە کێشی سەدی ( ٧٢.٤٦٪ ). لێرەدا، بە گوێرەی ئەو بڕگانەی کە بۆ ڕۆڵی مامۆستا دانراون، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە مامۆستایان توانیوویانە بەشدارییەکی کارا بکەن لە پەرەپێدان و زیادکردنی بەهای هاووڵاتیبوون لەلای خوێندکاران.

**ئامانجی چوارەم: تەرخان کراوە بۆ زانینی ڕۆڵی ئەو چالاکییە هەمە جۆرانەی کە زانکۆ و بەشەکانی زانکۆ پێی هەڵدەستن لەسەر بەشداریکردنی لە پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون.** زانیاری دەربارەی ئەم ئامانجە لە خشتەی ( ٦ ) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی ( ٦ ) ڕۆڵی چالاکییەکانی زانکۆ ڕوون دەکاتەوە:**

| ژ. پرسیار | بڕگەکان | دووبارە بووەکان ٣ | ٢ | ١ | پلە | ناوەندی شیاوی | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | هەلی بەشداریکردنی هەموو خوێندکاران لە چالاکییەکاندا بەبێ جیاوازی پارێزراوە. | ٤١ | ٣٥ | ١٦ | ١ | ٢.٢٧ | ٧٥.٧٢٪ |
| ٣٤ | بەهای هاوکاری کردن لە نێوان خوێندکاراندا بەهێز دەکات. | ٢٧ | ٥٣ | ١٢ | ٢ | ٢.١٦ | ٧٢.١٠٪ |
| ٣٣ | چالاکییەکان گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانی ناو کۆمەڵگا دەکەن. | ٢٤ | ٥٢ | ١٦ | ٣ | ٢.٠٨ | ٦٩.٥٦٪ |
| ٣٦ | لەڕێی چالاکییەکانەوە بەهای کاری خۆبەخشی لای خوێندکاران بەهێزدەکات. | ١٩ | ٥١ | ٢٢ | ٤ | ١.٩٦ | ٦٥.٥٧٪ |
| ٣٠ | بوار بە دامەزراوەکانی دەرەوەی کۆمەڵگا دەدرێت بۆ بەشداری کردن لە چالاکییەکاندا. | ٢٠ | ٤٦ | ٢٦ | ٥ | ١.٩٣ | ٦٤.٤٩٪ |
| ٣٧ | چالاکییەکان هەمەجۆرن هەتا بوار بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران بدرێت. | ١٩ | ٤٦ | ٢٧ | ٦ | ١.٩١ | ٦٣.٧٦٪ |
| ٣١ | چەمکەکانی هاوڵاتیبوونی وەکو (ناسنامە و ئینتیما و بەشداری سیاسی) بەهێزدەکات. | ١١ | ٥٧ | ٢٤ | ٧ | ١.٨٥ | ٦١.٩٥٪ |
| ٣٥ | خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بەگوێرەی گونجاوی چالاکییەکان بەشداری تێدا دەکەن. | ٢٠ | ٣٤ | ٣٨ | ٨ | ١.٨٠ | ٦٠.١٤٪ |

خشتەی ( ٦ ) کە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی چالاکییەکان لە ( ٨ ) بڕگە پێکهاتووە، بڕگەکانی (٣٣، ٣٥، ٣٤)، کە ناوەندی شیاوییان بریتییە لە ( ٢.٢٧، ٢.١٦، ٢.٠٨ ) بە کێشی سەدی ( ٧٥.٧٢٪، ٧٢.١٠٪، ٦٩.٥٦٪ ) جێبەجێ بوون. بەگوێرەی ئەمەش زانکۆ بواری هەلی بە بەشداریکردنی خوێندکاران داوە لە چالاکییەکان دا و، ئەو چالاکیانەش بەهای هاوکاریکردن لە نێوان خوێندکاران دا بەهێز دەکات . بەڵام بڕگەکانی تر لە دیدی خوێندکارانەوە چالاکییەکان جێبەجێ نەبوون.

## بەشی شەشەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەكان:

### یەكەم/ ئەنجامەكانی توێژینەوەكە:

١. بە گوێرەی ئامانجی یەكەمی توێژینەوەكە، كە بریتییە لە (زانینی ڕۆڵی ژینگەی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ)، ئەنجامی توێژینەوەكە ئەوەی دەرخستووە كە زانكۆ ڕۆڵێكی باشی گێڕاوە لە دابینكردنی ئازادی و ژینگەیەكی گونجاو بۆ كارلێكی كۆمەڵایەتی و دروستكردنی گیانی هاوڕێیەتی لە نێوان خوێندكاران و مامۆستایان و بوار بە گوزارشت كردن لە بیروبۆچوون بۆ خوێندكاران دراوە.

٢. ئامانجی دووەمی توێژینەوەكە بریتییە لە (زانینی ڕۆڵی پرۆگرامەكانی خوێندن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكاران)، لە ئەنجام دا توێژینەوەكە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی كە زانكۆ توانیەتی خوێندكاران بە ماف و ئەركەكانیان و گیانی هاوكاری و تەبایی و گونجان و قبوڵكردنی بیروڕای جیاواز پەرە پێ بدات. سەرەڕای ئەوەی زانكۆ بە پێی ئەو بڕگانەی كە بۆ ئەم ئامانجە دیاریكراوە لە كۆی (١٠) بڕگە لە (٥) بڕگەیان سەركەوتوو بووە.

٣. بە گوێرەی ئامانجی سێیەم (ڕۆڵی مامۆستایانی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ)، لە ئەنجام دا ئەوە بەدەركەوتووە كە تەواوی بڕگەكانی ئەم ڕەهەندە بە تەواوی جێبەجێ بوون، خوێندكاران وای دەبینن كە مامۆستایان ڕۆڵێكی باش و كاریگەریان هەیە لە پەرەپێدانی بەهای هاووڵاتیبوون.

٤. ئامانجی چوارەم بریتییە لە (ڕۆڵی چالاكییەكانی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكاران). بە گوێرەی ئەو بڕگانەی كە جێبەجێ بوون و ژمارەیان (٣)بڕگەیە لە كۆی (٨) بڕگە، ئەوا زانكۆ هەلی بەشداریكردنی بە خوێندكاران داوە لە چالاكییە هەمەجۆرەكانی (ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و ...هتد).

### دووەم/ ڕاسپاردە و پێشنیازەكان:

بە پێی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە، توێژەر هەندێك پێشنیاز و ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو، لەوانە:

١. گرنگی زیاتر بەو وانانە بدرێت كە پێیان دەوترێت وانە ناپسپۆڕییەكان، وەكو (كوردۆلۆجی، دیبەیتی ئەكادیمی...) چونكە ئەم وانانە كولتور و مێژو و جوگرافیای نیشتمانەكەمان بە خوێندكاران ئاشنا دەكات، وانەی دیبەیتی ئەكادیمیش خوێندكاران لەسەر شێوازەكانی گفتوگۆكردن و بیروڕا دەربڕین و قبوڵكردنی بیروڕای جیاواز ڕادەهێنێت.

٢. گرنگیدان بە چالاكییەكانی دەرەوەی هۆڵەكانی خوێندن.

٣. زیادكردنی گەشتی زانستی بۆ خوێندكاران.

٤. گرنگی زیاتر بدرێت بە ئەنجام دانی كۆڕ و سیمینار و چالاكی ڕۆشنبیری و وەرزشی هەمەجۆر بۆ خوێندكاران.

## لیستی سەرچاوەكان:

### یەكەم/ بەزمانی كوردی:

١. ابن مەحمود، محەمەد، دەروونزانی کۆمەڵایەتی، و: ئارام ئەمین شوانی، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٤.

٢. ساڵەح، میران محەمەد، پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندن لای فێرخوازی زانکۆ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١٠)، ٢٠١٦.

٣. عەبدوڵڵا، زیرەك، ڕەوشی هاووڵاتیبوون لە کۆمەڵگای کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژمارە(٢٢)، ٢٠٠٧.

٤. عومەر، خالید، زانکۆ لەنێوان ناو و ناوەڕۆکدا(خوێندنەوەیەك بۆ دۆخی زانکۆکان و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٥.

٥. عومەر، یاسین، هاوڵاتیبون و قەیرانی ئینتیما، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە(٢٧)،زستانی ٢٠١١.

٦. میران، ڕەشاد، چەند بابەتێکی ئیتنۆ-کۆمەڵایەتی ب١، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.

## دووەم/ بەزمانی عەرەبی:

١. أبو حشيش، بسام محمد ، دور كليات التربية في تنمية قيم المواطنة لدى الطلبة المعلمين بمحافضات غزة، مجلة جامعة الاقصى (سلسلة العلوم الانسانية) المجلد الرابع عشر، العدد الاول، يناير، ٢٠١١.

٢. أبراش، ابراهيم أبراش، علم الاجتماع السياسي، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان-الاردن، ١٩٩٨.

٣. الامم المتحدة، اللجنة الاقتصادية والاجتماعية لغربي اسيا، النوع الاجتماعي والمواطنة دور المنظمات غير الحكومية في دول خليجية مختارة، الامم المتحدة، النيويورك، ٢٠٠٣.

٤. بدوي، احمد زكي ، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية ( انكليزي ، فرنسي ، عربي، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٨.

٥. البراشدية، ثريا بنت أحمد بن سليمان ، دور الادارة المدرسية في تنمية قيم المواطنة لدى طلبة التعليم مابعد الاساسي بسلطنة عمان، رسالة ماجستير(غير منشورة)، تقدم بها الى جامعة نزوى، كلية العلوم والاداب، قسم التربية والدراسات الانسانية، سلطنة عمان، ٢٠١١.

٦. الحبيب، فهد ابراهيم الحبيب، الاتجاهات المعاصرة في تربية المواطنة، الرياض، مكتبة العبيكان، ٢٠٠٠.

٧. الخميسي، السيد سلامة ، تربية التسامح الفكري"صيغة تربوية لمواجهة التطرف"، مجلة التربية المعاصرة، العدد(٢٦)، ١٩٩٣.

٨. الرشيدي، بشير صلاح واخرون، الموسوعة العلمية للتربية، مؤسسة الكويت للتقدم العلمي، الكويت، ٢٠٠٤.

٩. الشعبيني، محمد مصطفى، علم الاجتماع، دار النهظة العربية، القاهرة، ١٩٧٤.

١٠. صبري، عزام عبدالرحمن ، الأحصاء الوصفي و نظام SPSS، دار للكتاب العالمي، عمان-الاردن، ٢٠٠٦.

١١. عبدالهادي، نبيل، علم اجتماع التربية، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان -الاردن، ٢٠٠٢.

١٢. العزي، سويم ، المفاهيم السياسية المعاصرة و دول العالم الثالث، المركز الثقافي العربي، ١٩٩٤.

١٣. خالد عبداللطيف محمد عمران، تقويم أداء معلمي الدراسات الاجتماعية بالحلقة الاعدادية في ضوء معايير الشاملة، المؤتمر الآول للجمعية المصرية للدراسات الاجتماعية-تربية المواطنة ومناهج الدراسات الاجتماعية، كلية التربية-جامعة عين شمس، ٢٠٠٨،ص٥٤٧.

١٤. العوامرة، عبدالسلام العوامرة و محمد الزبون، دور الجامعات الأردنية الرسمية في تعزيز تربية المواطنة و علاقتها بتنمية الاستقلالية الذاتية لدى طلبة كليات العلوم التربوية من وجهة نظرهم، مجلة جامعة النجاح للأبحاث(العلوم الانسانية)، مجلد ٢٨(١)، ٢٠١٤.

١٥. غيث، محمد عاطف ، قاموس علم الاجتماع ، الهيئة المصرية العامة للكتاب ، القاهرة، ١٩٧٩.
١٦. الفرا، فاروق حمدي و احسان خليل اغا، القيم المتضمنة في كتب التربية الوطنية الفلسطينية في الصفوف الستة الاولى من التعليم )، مجلة مستقبل التربية العربية، المجلد الثاني، العدد الثامن، ١٩٩٦.
١٧. القطب، سمير عبدالحميد القطب، الجامعة وتعميق قيم الأنتماء في ضوء معطيات القرن الحادي و العشرين، مجلة كلية التربية- جامعة المنصورة –العدد (٦٠)، يناير ٢٠٠٦.
١٨. قنديل، يس عبدالرحمن و مندور عبدالسلام فتح الله، فاعلية استخدام بعض مداخل التربية القيمية لتقديم الموضوعات المرتبطة بقضايا العلم والتكنولوجيا والمجتمع في تنمية التحصيل الدراسي وقيم المواطنة لدى تلاميذ الصف الأول الاعدادي- المؤتمر العلمي الخامس"التربية العلمية للمواطنة"- المجلد الأول-كلية التربية- جامعة عين شمس، ٢٠٠١.
١٩. الكبيسي، عبدالواحد ، القياس و التقويم( تجديدات و مناقشات )، دارجرير، عمان-الاردن،٢٠٠٧.
٢٠. كنعان، أحمد علي ، دور التربية في مواجهة العولمة وتحديات القرن الحادي والعشرين وتعزيز الهوية الحضارية و الانتماء للأمة، ندوة (العولمة وأولويات التربية) كلية التربية، جامعة الملك سعود، ٢٠٠٤.
٢١. الكواري، علي ، المواطنة والديمقراطية في البلدان العربية، مركز دراسات الوحدة العربية،بيروت، ٢٠٠١.
٢٢. المنوفي، كمال ، نظريات النظم السياسية، وكالة المطبوعات، الكويت، بدون سنة الطبع.
٢٣. المنيزل، عبدالله فلاح و عايش موسى غرايبه (٢٠٠٦) . الأحصاء التربوى تطبيقات بأستخدام الرزم الأحصائية للعلوم الأجتماعية، دار المسيرة للنشر و التوزيع ، عمان-الاردن، ٢٠٠٦.

## سێیەم/بەزمانی ئینگلیز:

١. David Kerr and others, Citizenship an Education Age 14: Summary of the international finding and preliminary results for England, 2003.
٢. John Cogan & Derrictt Roy, Citizenship for 21st century –An international prospective of Education, Kogan page limited, London, 1998.
٣. J.M.Sinclair, Collins English Dictionary, Third Edition, (Birmingham: Harper
٤. Collins Publishers, 1991).
٥. Kathy S.Stolly, The Basics of Sociology, Greenwood Press, London, 2005.
٦. Mandel Karsten, Examining the Impact of University International Programs on Active Citizenship, the case of students praxical participation in the Mexico Canada Rural development Exchange, University of Toronto Canada, 2003.
٧. Walker Joyce, shaping Ethics Youth workers matter, new direction for youth development, Journal Articles Reports descriptive American, 2005.

## چوارەم/ ئینتەرنێت:

١. أبو زيد، جواد، قراءة في مفهوم التنمية، متاح على www.nibraschabab.com بتأريخ ٢٠١٧/١/١٠.

# Abstract

The topic of citizenship is now considered as one of the important topics of each of sociology, low and politics. Besides, it has been paid a great deal of attention in the fields

of teaching and education. As the future of the country and safeguarding it, is dependent on to what extent the people who live in that country.

This study (The role of university in promoting the value of citizenship among university students- is an empirical study in the college of basic education of university of Garmian), has attempted to discover the roles of each of environment, programmes, university teachers and those cultural and sport activities that are done by universities in developing the value of citizenship among the students.

The study's sample consists of (92) students from both genders and from third and fourth years whom are randomly selected the study adopts the description –analysis method to tackle the topic.

The study has concluded some important results include university's role
for providing a better social atmosphere for the students, and the university instructors have an effective impact to develop the sense of citizenship for them.

**پاشكۆی (١)**

**ڕاستێتی فۆرمی ڕا پرسی**

| ز | ناو | ژمارەی بڕگە گونجاوەكان | ژ. بڕگە نەگونجاوەكان | ژ. بڕگە ر. هەمواركراوەكان | پلەی ڕاستگۆیی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.ی.د.حسین اسماعیل علی | ٣٦ | ٣ | ٢ | ٪٨٧.٨٠ |
| ٢ | م. كریم أحمد عزیز | ٣٦ | – | ٥ | ٪٨٧.٨٠ |
| ٣ | م.ی سیروان عاصی حسین | ٣٧ | ٢ | ٢ | ٪٩٠.٢٤ |
| ٤ | د. پگاە علی مردان | ٣٨ | ١ | ٢ | ٪٩٢.٦٨ |
| ٥ | م.ی كریم مدحت حاتم | ٣٥ | ٢ | ٤ | ٪٨٥.٣٦ |
| | | ١٨٢ | ٨ | ١٥ | ٪٨٨.٧٨ |

**كۆی بڕگەكان = ٤١**

**ژمارەی پسپۆڕان =٥**

**ژمارەی بڕگە گونجاوەكان = ١٨٢**

**ژمارەی بڕگە نەگونجاوەكان = ٨**

**ژمارەی ئەو بڕگانەی پێویستییان بە دەستكارییە = ١٥**

**كەواتە ڕێژەی سەدی پێوەرەكە = (ژمارەی بڕگە ڕاستەكان / ژمارەی بڕگەكانی ئامراز) × ١٠٠**

**= (١٨٢ / ٢٠٥) × ١٠٠ = ٪٨٨.٧.٨**

**پاشكۆی (٢)**

**جێگیری فۆرمی را پرسی :**

| ز | س | ص | رس | رص | س _ص(ف) | ف٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦٩ | ٧٠ | ٩ | ٩ | ٠ | ٠ |
| ٢ | ٧٤ | ٧٣ | ٨ | ٨ | ٠ | ٠ |
| ٣ | ٩٨ | ٩٥ | ١ | ١ | ٠ | ٠ |
| ٤ | ٨٥ | ٨٧ | ٤.٥ | ٢ | ٢.٥ | ٦.٢٥ |
| ٥ | ٦٧ | ٦٩ | ١٠ | ١٠ | ٠ | ٠ |
| ٦ | ٨٢ | ٧٦ | ٦ | ٧ | ١- | ١ |
| ٧ | ٨٨ | ٨٣ | ٢ | ٤ | ٢- | ٤ |
| ٨ | ٨٥ | ٨٠ | ٤.٥ | ٥ | ٠.٥- | ٠.٢٥ |
| ٩ | ٨٧ | ٨٥ | ٣ | ٣ | ٠ | ٠ |
| ١٠ | ٨١ | ٧٨ | ٧ | ٦ | ١ | ١ |
| کۆ | | | | | | ١٢.٥ |

$$R = 1 - \frac{6 \times 12.5}{10 \times 99} \qquad Rs = 1 - \frac{6 \sum d^2}{n(n^2 - 1)}$$

$$= 1 - \frac{75}{990} = 1 - 0.075 = 0.92 = 92\%$$

## پاشکۆی (٣)

**زانکۆی گەرمیان** **ژمارەی فۆرم: ( )**

**کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت**

## فۆرمی ڕا پرسی

**خوێندکاری خۆشەویست ....**

**سڵاوی زانست....**

**ئەم فۆرمەی لە بەردەستی تۆی بەڕێزدایە، کۆمەڵە پرسیارێك لەخۆدەگرێت بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی ئامادە کراوە بەناوی (ڕۆڵی زانکۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندکارانی زانکۆ– توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی گەرمیان). داواکارین لە بەڕێزتان وەڵامی هەموو برگەکانی پێوەرەکە بدەنەوە.**

**هاوکاریتان مایەی ڕێزو پێزانینە.**

**تێبینی:**

١. هێمای ( / ) لە شوێنی وەڵامەکانت دابنێ.

٢. پێویست بە ناونووسین ناکات.

**توێژەر:**

**سرحد محمد سمين**

**یەكەم: زانیارییە گشتییەكان:**

١. ڕەگەز: نێر (   ) ، مێ (   ).

٢. كۆلێجی ..............................................................................

٣. بەش:.............................................. ٤. قۆناغ: ..................................

**دووەم: زانیارییە تایبەتییەكان:**

**ئاما نجی یەكەم: زانینی ڕۆڵی ژینگەی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ**

| ز | بڕگە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١. | لە ناو زانكۆدا ڕێگە بە كارلێك و بەستنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی گونجاو دەدرێت. | | | |
| ٢. | ژینگەی زانكۆ هەستی شانازی كردن بە كۆلێژ و زانكۆ لەلای خوێندكاران دروست دەكات. | | | |
| ٣. | ژینگەی زانكۆ گیانی هاوكاری لە نێوان خوێندكاراندا پەرەپێدەدات. | | | |
| ٤. | ژینگەی زانكۆ یارمەتیدەرە بۆ دروستكردنی گیانی هاوكاری و هاوڕێیەتی لە نێوان مامۆستایان و خوێندكاران. | | | |
| ٥. | ژینگەی زانكۆ بوار بۆ خوێندكار دەڕەخسێنێت كە بە ئازادی گوزارشت لە بیروڕاكانی خۆی بكات. | | | |
| ٦. | لە ناو زانكۆدا گیانی گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن و بیروڕای جیاواز زاڵە. | | | |
| ٧. | خوێندكار لە پرۆسەی بڕیارەكاندا بواری بەشداری كردنی پێدەدرێت | | | |
| ٨. | ژینگەی زانكۆ ڕەچاوی بنەماكانی داد پەروەری دەكات لەكاتی جێبەجێكردنی یاسا و ڕێساكاندا. | | | |
| ٩. | زانكۆ لە ڕێكخستن و بەستنی كۆڕ و چالاكی هەمەجۆردا ئازادی بە خوێندكاران دەدات. | | | |
| ١٠. | گەشتی زانستی بۆ خوێندكاران فەراهەم كراوە هەتا خوێندكاران بە مێژوو و جوگرافیا و كەلتوری كۆمەڵگاكەیان زیاتر ئاشنا بن. | | | |

**ئاما نجی دووەم: زانینی ڕۆڵی بابەتەكانی خوێندن لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ**

| ز | بڕگە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | بابەتەكانی خوێندن گیانی گرنگی دان بە ناسنامەی نیشتمانی و پەیوەست بوون بە نیشتمانەوە لەلای خوێندكار دروست دەكات. | | | |
| ١٢ | بابەتەكانی خوێندن بەشداری دەكات لە پەرەپێدانی توانای داهێنانەی خوێندكار. | | | |
| ١٣ | بابەتەكانی خوێندن بەهای ئازادی بیركردنەوە بۆ گرفتەكانی كۆمەڵگا بەهێز دەكات. | | | |
| ١٤ | بابەتەكانی خوێندن توانای گوزارشتكردن لە بیروڕا و كەلتوری دیالۆگی ئیجابی لای خوێندكار پەرەپێدەدات. | | | |
| ١٥ | بابەتەكانی خوێندن توانای خوێندكار بە ئەرك و مافەكانی ئاشنا دەكات. | | | |
| ١٦ | بابەتەكانی خوێندن خوێندكار ڕادەهێنێت لەسەر گیانی دیموكراسی و قبوڵكردنی بیروڕای جیاواز. | | | |
| ١٧ | بابەتەكانی خوێندن هەستی شانازی كردن بە نیشتمانەوە لەلا ی خوێندكار بەهێزتر دەكات. | | | |
| ١٨ | بابەتەكانی خوێندن توانای ڕەخنەی ئیجابیانە لەلای خوێندكار پەرەپێدەدات. | | | |
| ١٩ | بابەتەكانی خوێندن بەهاكانی وەكو (ئینتیما- دیموكراسی- مافی مرۆڤ) لەخۆدەگرێت. | | | |
| ٢٠ | بابەتەكانی خوێندن گیانی هاوكاری لە نێوان خوێندكاران پەرەپێدەدات. | | | |

**ئاما نجی سێیەم: ڕۆڵی مامۆستایانی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ**

| ز. | بڕگە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | مامۆستا ڕێز لە خوێندكاران و بیروڕایان دەگرێت. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | مامۆستا ڕێگای وانەگوتنەوەی گونجاوی وەك ( گفتوگۆ و گروپ و فیدباك ) بەكاردەهێنێت. | | | |
| ٢٣ | مامۆستا هانی خوێندكاران دەدات لەسەر گیانی هاوكاری لە نێوان خۆیاندا. | | | |
| ٢٤ | مامۆستا بە نەرمی و گیانی لێبووردەییەوە هەڵسوكەوت لە گەڵ خوێندكارەكاندا دەكات. | | | |
| ٢٥ | مامۆستا بەهای لێبووردەیی لە نێوان خوێندكاران دا پەرە پێدەدات. | | | |
| ٢٦ | مامۆستا بوار بەخوێندكاران دەدات كە گفتوگۆ لەسەر ئەو زانیارییانە بكەن كە بابەتی وانەكانی خوێندنن. | | | |
| ٢٧ | مامۆستا لە وانەكاندا خوێندكاران بەرەو بیركردنەوە هاندەدات نەوەك لەبەبەركردنی وانەكان. | | | |
| ٢٨ | مامۆستا لە نمرەدانانندا بێلایەنی خۆی دەپارێزێت. | | | |
| ٢٩ | مامۆستا لە ڕووی زانستییەوە لە توانایدایە زانیارییەكان بگەیەنێتەخوێندكاران. | | | |

**ئامانجی چوارەم: ڕۆڵی چالاكییەكانی زانكۆ لە پەرەپێدانی بەهای هاوڵاتیبوون لای خوێندكارانی زانكۆ**

| ز. | بڕگە | بەڵێ | تاڕادەیەك | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | بوار بە دامەزراوەكانی دەرەوەی كۆمەڵگا دەدرێت بۆ بەشداری كردن لە چالاكییەكاندا. | | | |
| ٣١ | چەمكەكانی هاوڵاتیبوونی وەكو ( ناسنامە و ئینتیما و بەشداری سیاسی ) بەهێزدەكات. | | | |
| ٣٢ | هەلی بەشداریكردنی هەموو خوێندكاران لە چالاكییەكاندا بەبێ جیاوازی پارێزراوە. | | | |
| ٣٣ | چالاكییەكان گوزارشت لە كێشەو گرفتەكانی ناو كۆمەڵگا دەكەن. | | | |
| ٣٤ | بەهای هاوكاری كردن لە نێوان خوێندكاراندا بەهێز دەكات. | | | |
| ٣٥ | خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان بەگوێرەی گونجاوی چالاكییەكان بەشداری تێدا دەكەن. | | | |
| ٣٦ | لەڕێی چالاكییەكانەوە بەهای كاری خۆبەخشی لای خوێندكاران بەهێزدەكات. | | | |
| ٣٧ | چالاكییەكان هەمەجۆرن هەتا بوار بە بەشداری ژمارەیەكی زۆری خوێندكاران بدرێت. | | | |